# ئەم قەتڵگایەیی ژنان دەبیت بەری پێبگیرێت!

*بەشدار علی*

بەدوایی کوژرانی دوعاوە بەپێی ئاماریك زیاتر لە 78 ئافرەتی دیكە لە شارەكانی كوردستاندا لەماوەی دوو مانگی رابردووە وە بەیشوازی جیاواز جیاواز كۆتایی بەژیانیان هێندراوە ,گومانی تێدا نیە كە ژمارەیەكی تریش لە دەشت و دۆڵ و چیاكان لە ژیر خاك نراون و تۆمار نەكراون.

لیرەدا تاكید لەسەر دوو خاڵ دەكەینەوە ,ئەوە چ عەقلیەت و بیركردنەوەیەك لەپشتی ئەوەوە خۆی مەلاسداوە مرۆڤێك دەستی دەچیتە گیانی خوشك و دایك و خێزانی و بە قیزەوەنترین شێواز گیانی لێدەستێنێتەوەوە؟!

لە كاتێكدا بكوژ و كوژراو چەندین كەرەت بەیەكەوە دانیشتون و پیاسەیانكردووە و نانیان خواردووە و لە خۆشی و ناخۆشیەكانی یەكتردا هاوبەش بوونە.

لەلایەكی ترەوە ئەوە چ دەسەڵات و حكومەتێكە نزیك بە دوو دەیەیی تەمەنی نەیتوانیوە بەر بە كوشتن و ئەتك كردن و ئیهانە و سوكایەتی پیكردنی هاولاتیەكانی خۆی بگریچت؟!لە كاتێكدا بەرپرسی ییكەمە لەو كارە بەبێ هیچ قەید و بەندێك.لەماوەی ئەم چەند ساڵەی رابردوو زیندانی كردن و لووت برین و كوشتنی ژنان و ئافرەتان یەكیك بووە لەدیارە قیزەوەنەكان و رۆژانە لە كوچە و كۆڵان و قوتابخانەكان و زانكۆ و بازار و شۆستەكان,دایك و خوشكەكان بە دڕندانەترین شێواز دەكوژران یان ناچار بە خۆكوژی كراون. لەگەڵ ئەوەی كە گومانی تیا نیە ئەو كەسانەی دەستیان دەچیتە گیانی ئازیزترین كەسیان و كۆتایی بە ژیانیان دەهێنن یان فشارێكی زۆریان دەخەنە سەری كە دەست بۆ خۆكوژی بەرن,لەوپەڕی ناتێگەیشتن و دواكەوتوویی خۆیانەوە سەرچاوەی گرتووە و عەقلیەتی پیاو سالاری و عەشیرەتگەری و بیركردنەوەیەكی ناتەندورست لە پشتیانەوە خۆی حەشارداوە.

بەدوایی ئەمەوە هەلویستی دەسەلاتداران و بێدەنگیانە لە ئاست هەموو ئەو كارەساتانەی كە چاوانمان و گویچكەكانمان ئازار دەدات,بكوژانی ژنان زۆر ئازادانە رۆژیك دواتر لە شارەكاندا دەسورێنەوە و بەبێ ئەوەی لایەنێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا بكات. لە كاتێكدا ئەو كەسانە بكوژن و پیویستە سزایی خۆیان وەرگرن.ئەم مامەڵەی دەسەلاتداران دەرگای كردۆتەوە بۆ ووشك بوونی جەستەی دەیان ئافرەت لە هەفتەیەكدا و ریگایی خۆش كردووە كە بچوكترین كیشەی خیزانەكان دەست بۆ توند و تیژی و كوشتن بەرن و لەژیر ناوی كرنەوەی ناموس و شەرەف و بەیارمەتی دەستور و یاسا ئەم قەتلگایە بەرێبكەن.

لەم مەملەكەتەی ئیمە تەنها ئافرەت و كچەكان شەرەفیان هەیە و شەرەف و ناموس تەنها بەر ئەوان كەوتووە!بكوژەكانی ژنان بەو كردەوانەیان دەیسەلمێنن كە ئەوان بێشەرەفن و خیزان و خوشكەكانیان خاوەنی شەرەفن!!!چونكە كرداری سێكسی و خۆشەویستی و دڵداری و پیاسە و قسەكردن بۆ پیاوەكان كیشەیەك نیە,بەلام ژمارەیەكی نادیار لە نیو مۆبێلی ئافرەتەكە دەبێتە هۆی كەمبوونەوەی شەرەف!لە كاتێكدا ئلزاردان و ئیهانە و سوكایەتی پیكردن گەورەترین بێ شەرەفیە بەرامبەر بە تاكەكان نەك كوشتن و لەناوبردن.

ئەم وەحشیگەرییە و بەربەریەتە دەبێت بەری پێبگیرێت,دەبێت كوشتنی ژنان لەژیر هەر بەهانەیەك بێت قەدەغەبكریت و بكوژانیش بەتوندترین شیواز سزا بدرێن,ئەگەرنا كەسانیك كە دۆست و خۆشەویست و هاوسەرەكانیانشەلالی خوێن بكەن,بەلایانەوە زۆر ئاساییەبەدەستی كۆنەپەرستترین وڵات و لایەت و كەس بەرن و تەنها لە رۆژیكدا ئەم وڵاتە وێران بكەن.